## قیام افسران خراسان

لەسەر و بەندی دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجانی ساڵی ١٩٤٦ دا چەند ئەفسەرێکی ئێرانی ئەندام و لایەنگری حزبی توودەی ئێران لە خوراسان دەستیان بەسەر پادگانێکدا گرت و بە تەما بوون شوێنەکە بکەنە بنکەی ڕاپەڕینی خەڵک بۆ ڕووخاندنی حوکمی پاشایەتی ئێران. ئەم ڕاپەڕینە گەلێک زوو تێک شکێنرا و ڕێبەرەکانی هەڵاتن بۆ ئازەربایجان و لەوێوە نێردرانە ناو کۆماری کوردستان و سەر سنووری باشوری کۆمار لە گوندی سەرای نێوان بۆکان و سەقز. گەیشتنیان بە سەرا هاوکات بوو لەگەڵ هەڵاتنی پێشەوەری و ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان. ئینجا ئەوان لەگەڵ نەمر مەلا مستەفای بارزانی و هێزی بارزانییەکان کەوتن، لە هەموو ئەو ماوەیەدا یارمەتی کۆماری کوردستان و بارزانییەکانیان دا، ئینجا ئاوای دیوی عیراق بوونەوە و لەوێ کەوتنە زیندانەوە.

ئەم کتێبە، "ابولحسن تفرشیان" یەک لەو ئەفسەرانە نووسیویە و دارماڵی ڕێز و ئیحتیرامە بە پێشەوا و نەمر مەلامستەفا بارزانی. بەشی سەبارەت بە بۆکان لاپەڕە ١٠٣ تا ١٠٨ دەگرێتەوە و تێیدا باسی گەڕانەوەی خۆی دەکات لە گوندی "ئاڵتوونی خواروو" و "سەرا"وە بۆ بۆکان و پاشان مەهاباد، دوای هەرەس هێنانی کۆماری ئازەربایجان.

لەم وتارەدا باسی خەڵکی بۆکان بە "شڕەخۆر" دەکات کە پادگانی شارەکەیان تاڵان کردوە و ئەفسەرەکانی کۆماری ئازەربایجانیان گرتوە و تەحویلی ڕژیمی شایان داونەتەوە و ئەوانیش لە مەهاباد ئیعدامیان کردوون. ئاشکرایە ئەم کارە بە فیتی ئاغاکانی بۆکان کراوە کە خۆیان بۆ هاتنەوەی ڕژیم ئامادە دەکرد و بەڵگەکەشی بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژار لە چێشتی مجێور دا کە دەڵێ یەک لە ئاغایان خریک بوو منیش بگرێت و بمدات بە سوپای ئێرانی. بەداخەوە چاپی دووهەمی کتێبەکە هەندێ گۆڕانکاریی تێدا دراوە کە لە هەڵوێستی نووسەر دوورە.

ابولحسن تفریشیان، "قیام افسران خراسان"، چاپ دوم، انتشارات اطلس، تهران ١٣٣٧[١٩٩٨]، ٢٠٨ صفحه، فارسی